

# با لەیادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا بێوچان هەوڵبدەین ناوچە دابڕێندراوەکان بگەڕێنینەوە ناو سنووری کوردستان

**پارێزەر/سۆران مەحوی**

نەتەوەو گەلانی ژێردەستەی داگیرکەران هەردەم بەپێی قۆناغەکانی خەبات و بەرخودان و شۆڕشگێڕی خۆیان یان بڵێین، توانستی زاتی و قوربانیدان و شەهادەتیان کردۆتە پێشەنگی سەرمایەی ژیانیان؟! بە دەستە جەمعیش ڕیزەکانی جەماوەر و خەباتگێڕی ئەو نەتەوانەش لەوخەباتەدا بوونەتە ئاگردانی گەرموگوڕی بزاڤی ڕزگاریخوازیان تا سەربەخۆیی.

دیارە مێژووی گەلانیش شایەدحاڵی ئەم ڕێچکەیەی ئازادی مرۆڤایەتین، بۆیە وەک نەتەوە پەرستان دەڵێن ((نەتەوایەتی.. مرۆڤایەتییە)) چونکە ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەیەک، ئازادی و سەربەخۆیی بەشێکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە! دەبا بپرسین ئێمەی کورد لەکام ویستگەی ئەم ئاراستە مێژوویيە شۆڕشگێڕییەداین و چەندە چۆڕاوگەی خوێنی ئێمەی کورد ڕووباری خوێنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی سوورترو بەتەوژمتر کردووە؟ ڕاستە مێژوومان بەشێوازێکی تێروپڕ، شکۆداری شەهیدان و ڕەوتی شۆڕشەکانی بەچاوی مونسیفانە تۆمارنەکردووە بۆمان و هەردەمیش دوژمنانمان بە نیشان شکێنی بۆ نەتەوەکەمان و مێژووەکەمان وەستاون، بەڵام ژیان و شۆڕش و دەسەڵاتی گۆتی و لۆلۆ و شاسییەکان بەشێکی دیاری سەروەرییەکانمانن، وڵاتی میزۆپۆتامیا و میدییەکان قۆناغێکی تری بەرجەستەبووی خەباتمان بووە.. مێژووی نوێش لەسەد ساڵی ڕابردوودا دەکرێت بە جوانترین و بە بەیاخیترین و بە جەربەزەترین و بەشکۆدارترین و خوێناویترین قۆناغەکانی، بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و کوردستانیان دابنرێت کە بەخوێن نووسیومانەتەوە؟! هەر چ کەسێک بروسکەیی ئەم مێژووە پڕ چەوسانەوەیە بخوێنێتەوە کە تاکی کورد سوتەمەنی بووە بۆ ئازادی خاک و گەلەکەی و نیشتمانیش بە سووتماک بوونی بەخشندەی کردۆتە قوربانی سەربەخۆیی و ئازادی مرۆڤی کورد؟ ڕەوایە بپرسیت و بگەڕێیت بە دوای ئەوەی کە کێن ئەوانەی سەرکردەی بوێری ئەم کاروانە نەپساوەیەبوون و چ ناو نازناوێکیان کردۆتە تایتڵی دیارو ئاڵتونی شۆڕشەکانمان!

لێرەدا شۆڕشەکانی بارزانی یەک بەدوای یەک کەسەرەتایەکی ڕۆشنی ئەم سەدساڵە بووە و لەپاڵیشیاندا شۆڕشی شێخانی نەهری و حەفید و کۆمارە ساوا زیوینییەکەی قازیش سیمایەکی تری بە بریقەداری مێژووی نوێمان بووە.

بەڵێ بڕالەی ئازیز و خۆشەویست ئیدی ڕەوڕەوەی ئەم مێژووە گڕی خواردو خێراتر بزواو تا لە ئەوجی عەزەمەت و شکۆدارییدا خۆی بەرجەستە بکات و شۆڕشێکی سەرتاسەری جەماوەری کوردستانگیر هەڵگیرسێنێت و ناو و نازناوی {شۆڕشی مەزنی ئەیلول} وەک مەدالیای شۆڕشگێڕی نوێ لەبەرۆکی ڕۆڵەکانی بدات. ئەم شۆڕشە لووتکەیە کە بۆ خۆی ئیمتدادی گیانی یاخی بوون و ژیلەمۆی خامۆش نەبووی کانگای بارزان بوو و بارزانی مستەفاش بووە تاقانە سەرکردەی لەبن نەهاتووی قاڵبوو بە بیری کوردایەتی و ئازادی و دیموکراتی.. تا لە ماوەی نۆ ساڵی قوربانیدانی نەپساودا ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری لێ کەوتەوە و کەرکووکی دڵی کوردستانیش بووە سەنتەری ململانێکانی نێوان شۆڕش و ڕژێم و ساڵێکی تری سەروەری بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان تۆمارکرد و مەڵۆیەکی تری لەسەر خەرمانی کوردایەتی پارتی دانا و چەپکە گوڵێکی تری گوڵاڵە سورەی لەسەر گڵکۆی شەهیدان گرتکردەوە!!

بەهاکانی شۆڕشی ئەیلوول و گشتگیری سەرتاسەری بەرخودانی کوردستانیان، دەست لەملانێی نێوان مەرکەزییەت و دیموکراتییەت، بیری کوردایەتی لەلای تاک و بیرقوڵی نەتەوەییەکان لەلای جەماوەری شۆڕشگێڕ، بوونی تاقانە سەرکردەیەک کە کۆی ژیانی لە خەبات و داستانەکانی شۆڕشگێڕیدا بەسەربردووە و دادپەروەرێتی کردبووە سومبولی شۆڕشگێڕی و پێشخستن و پێشمەرگخستن بەسەر ژیاندا لەلای لاوی کورد بووە کرۆکی شۆڕش. هەموو ئەمانە ئەو ڕایەڵانەبوون کە گیانی بەرزە فڕی ئیمامێکی بیری کوردایەتی پێشڕەوێتی دەکرد کە ناونرا باوکی کورد (مەلا مستەفای بارزانی). بۆیە ملکەچی بۆ پێشمەرگەکانی ئەو شۆڕشە، خزمەتکاری بۆخانەوادەی شەهیدانی ئەیلوول، ڕێزگرتن لە مێژووی ئەو قۆناغە ڕێزگرتنە لەگشت شۆڕشگێڕان و شەهیدان و بیری کوردایەتی ڕەسەن! دەبا لەیادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا ئەمڕۆ ڕیزی کوردایەتی و تەبایی ماڵی کوردستانیان بپارێزین و دیموکراتیش گەشاوە تر بکەین و بێوچان هەوڵبدەین ناوچە دابڕاوەکان بخەینەوە ناو سنووری کوردستان و سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی و جوگرافی کوردستان مسۆگەرو دەستەبەر بکەین، هاوکات ڕێز لەسەرکردەو سەروەرییەکان و مێژوومان بگرین و یاسا و کوردایەتی بکەینە ڕابەر. دەبا بێسڵکردنەوە کۆتری ئاشتی و دیموکراتی و ئازادی بۆ مرۆڤەکان ڕەشماڵی گردبوونەوەمان بێت لەکوردستان، کۆتای بەمەبەستی ئەوەی نەوەی نوێ لەماهییەتی ڕاستەقینەی بارزانی و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاشناو حاڵی بێت دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆیان بکەن ئایا بارزانی شۆڕش و کوردی بەجیهان ناساند و بووە ناسنامەی کورد یان پێچەوانەکەی !!؟؟...

وەڵامی ئەم پرسیارە، دیارە مەزنی و لووتکە بوونی بارزانی وادەردەخات چونکە بوعدی ستراتیجی ئەم بنەماڵەیە لە خەباتی کوردایەتیدا لەماوەی بەرخودانیاندا بە تەحدید پێش شۆڕشی ئەیلول شوناسنامەی ڕاستی و مەزنی ئەم بنەماڵەیە و ڕۆڵیان دەردەخات، بۆیە سەرکردەی مەزن شۆڕشی مەزن هەڵدەگیرسێنێت و بنیات دەنێت

# کەرکووک و شۆڕشی ئەیلوول

**د. مستەفا زەنگنە**

پێش شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی 1961 بزووتنەوەی ڕێکخراوەیی قوتابیان لە کەرکووک خۆی لەسەر پێگرتبوو، بەڵام هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی بڵێسەی شۆڕشدا کوڕانی بە جەرگی کەرکووک بە لێشاو هاتنە ڕیزی یەکێتی لاوانی کوردستان و یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە.

یەکێک لە کەسە دیارەکانی بزووتنەوەی ڕێکخراوەی قوتابیانی کوردستان شەهید عیزەددین قەرە محەمەد بوو، ئەوکاتە ناوەندی ئیمام قاسم قەڵایەکی دیاری هزری کوردایەتی بوو. شەهید عیزەددین قەرە محەمەد بەرپرسی لیژنەیەکی قوتابییانی ئەوکاتە بوو کە لەم ناوانە پێکهاتبوون: (فەرەیدوون مەحموود خەیات، تاڵب ساڵح چایچی، ئازاد حەبیب تاڵەبانی، حەمید مەلا عومەر، زاهیر مەحموود خەیات،

**یەکێک لە کەسە دیارەکانی بزووتنەوەی ڕێکخراوەی قوتابیانی کوردستان شەهید عیزەددین قەرە محەمەد بوو، ئەوکاتە ناوەندی ئیمام قاسم قەڵایەکی دیاری هزری کوردایەتی بوو.**

عوسمان وەلی، کامەران جەلال، شاکر تایرە درێژ، سعداللە پاپیلانی، بەکر شۆڕاوی، ئەحمەد شەریف شۆڕاوی) ئەوە بوو دامودەزگا ئەمنییەکانی کەرکووک کەوتنە وێزەی کورد، گرتن و ڕاوەدوونان دەستیپێکرد. لەسەرەتای مانگی ئەیلوولی 1962 دا یەکەم وەجبەی قوتابیان لەلایەنی حکوومەتی عەبدولکەریم قاسمەوە گیران، ئەو دەستە قوتابییە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە پشتگیریکردنی شۆڕشی ئەیلوول و بەهێزکردنی کاری ڕێکخراوە. ئەو وەجبەیە یەکەم دەستەی قوتابییانی قوتابخانەی ناوەندی ئیمام قاسم بوون کە گیران. شەهید عیزەددین قەرە محەمەد نەگیراو توانی هەڵبێ و بچێتە ناو شۆڕش. ئەوکاتە مەعاون خەزعەل کابرایەکی زۆر زاڵم و دژ بە کورد بوو، کەسێکی چاوساغی هەبوو بەناوی عەلە حەمایچی زۆربەی قوتابیان لەلایەن ئەو دوانەوە دەگیران. مەعاون خەزعەل بەوە بەناوبانگ بوو کە ئەشکەنجەی قوتابیانی دەدا، گازی لێ دەگرتن تا پڕ بەدەم گۆشتی لێ نەکردایەتەوە وازی نەدەهێنا. پاش ئەوەی لە قوتابخانە گیران برانە (موقف سەرای کەرکووک) لەوێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا. سێ شەو و سێ ڕۆژ لە ژێر ئەشکەنجەدانداا بوون، پاشان لەبەرئەوەی تەمەنی هەندێ لە قوتابیان زۆر بچووک بوون گوازرانەوە بۆ بنکەی پۆلیسی (تسعين) ئەوکاتە مەعاون ڕەوف هەمەوەندی لەوێ بوو. هەڵوێستی باشی لەگەڵ قوتابییە بەندکراوەکاندا هەبوو، چونکە مەعاون ڕەوف هاوەڵی شێخ حەبیب تاڵەبانی بوو، بەهۆی شێخ حەبیبەوە زۆر ئاسانکاری بۆ قوتابییە گیراوەکان کرا. بەشێکی زۆری ئەشکەنجەدانەکان بەر فەرەیدون مەحموود خەیات کەوت، چونکە زۆر زرنگ بوو. ئەو شتانەی کە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا جەخی لەسەر دەکرایەوە ئەوەبوو: (پەیوەندیتان بە شۆڕشەوە چییە؟ بۆچی پارەی ئابوونەتان داوە؟ هەڵوێستتان بەرامبەر شۆڕشی 14ی تەمموز چییە؟ مەتحی زەعیم عەبدولکەریم قاسم بکەن، ئیستینکاری تەمەڕوودی مەلا مستەفا بکەن). کاتێک کە لێکۆڵینەوە لەگەڵ قوتابیاندا دەکرا، ناوو لیستی پیتاکی پارەی مانگانەیان لەبەردەستا بوو، کە بەداخەوە کاتێک قوتابی تاڵب ساڵح هەڵهاتبوو، یەکسەر ئەمن چووبوونە ماڵیان و ئەو ئەوراقانەیان دۆزیبووەوە، بەڵام تاڵب ساڵح توانیبووی خۆی بگەیەنێتە ناو شۆڕش. سەرجەم قوتابییە بەندکراوەکان بۆ ماوەی 4 مانگ لە بەندیخانەی تسعين مانەوە. سەرگوزشتەی هەریەک لەو بەندکراوانە جیایە. بۆ جاری دووەم لە ئەیلوولی 1963 دا بەشێکی دیکە لە قوتابیان گیران لەوانە: (ئیلهام سەید فەتاح، زاهیر مەحموود خەیات، فەرەیدون مەحموود خەیات). ئەم سیانە حەوت مانگ لە بەندیخانە مانەوە کە فەریدون جاری دووەمی بوو. یەکێک لەو ڕووداوە ناخۆشانەی بەندیخانە ئەوەبوو مەحموود ناوێک لەکاتی ئەشکەنجەدا عەقڵی لەدەستدابوو. شانی ڕاستی شکابوو، بە زنجیرێک بەستبوویانە دەرگای بەندیخانەکەوە، بەڵام زۆر مەردانەو خۆگربوو هەر جنێوی بە حکوومەت دەدا و هوتافی بۆ کورد ئەدا. ڕۆژانە فەریدون مەحموود دەچوو برینی ئەو مەحموودەی خاوێن دەکردەوە. هەمووجار دەهاتە سەردانی قوتابییە بەندکراوەکان کەرکووک وەزعێکی تایبەتی هەبوو، حکوومەت کاتێک کە پارتی بگرتایە بەشێک لە شیوعە کوردەکانیشی وەبەر ئەدا، هەر کاتێکیش شیوعییەکانی بگرتایە بەشێک لە پارتییەکانیشی وەبەردەدا، لەو ڕۆژەوە خەڵکی ژیر بۆی دەرکەوت کە حکوومەتەکانی بەغدا دژایەتی ڕەگەزی کورد دەکەن. جا هەرچییەک بی ئەوا تۆ کوردی. ئەم تێڕوانینە تا ئەمڕۆش وایە.. نموونەی ئەو قوتابییە خەباتگێڕانە زۆربوون. ئەوانەی من لە بیرم ماون، بەهجەتە تورکە، ئەبو شەهابی موحافیز، محەمەد موکری، د. نجم الدين کەریم، قالە موزەمید، شێخ بایز تاڵەبانی، مفوز هەرزانی، عەبدولمەوجود. ئەم پۆلە لە قوتابیان و دەیان پۆلیکە ڕۆڵی جوانیان لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا بینی، بەڵام بەداخەوە تا ئەمڕۆش کەس ناویان ناهێنێ، بەشێکیان شەهید بوون و بەشێکیان مردوون و بەشێکیشیان ماون، بڵێی ئەم هەڤاڵانەو سەدانی دیکەی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول کە بەندبوون ناویان لە لیستی زیندانی سیاسیدا هەبێ؟!